

# دەستەی ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکان بانگەشەی هەڵبژاردن تاوتوێ دەکەن

بە ئامادەبوونی ساسان عەونی بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و کوردۆ ڕەشید ئەندامی دەستە، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای یەکێتی ئافرەتی کوردستان لە سەر پلان و بەرنامە و ئامادەکارییەکان بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەڕێوەچووە.

جێی باسە کە دوێنێ یەکەم ڕۆژی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق بەڕێوە دەچێت.

# پۆلیسی هەولێر پلانێکی تۆکمەی داناوە بۆ ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن




دوێنێ یەکشەمە 15ی نیسانی 2018 لە هەرێمی کوردستان بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستپێکرد. ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر، ڕایگەیاند: لێژنەی ئەمنی پارێزگای هەولێر لە بارەی پرۆپاگەندەی هەلبژاردنەکانەوە کۆبونەوەیەکی ئاسایی ئەنجام داوە و بەرنامە و پلانی بو سەرخستنی پرۆسەکەی بۆ ئەوەی بێ کێشە کۆتایی بێت دوور لە هەر کارێکی نەخوازارو توندو تیژ، بۆ ئەو مەبەستە پۆلیس هەموو ڕێ و شوێنک دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە سەرکەووتی و شارستانیانە بە کۆتابێت. هۆگر عەزیز گوتیشی: داوا لە هاووڵاتیانی خۆشەویست و ئەو کەسانە دەکەین کەوا کاری پرۆپاگەندە دەکەن هاوکار و یارمەتیدەربن بۆ ئەوەی بەهەموو لایەک ئەو کاتە بە ئارامی بەڕێبکەین. هەروەها گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتی: هەر کاتێک هاووڵاتیەک هەڵبستێت بە شێواندنی شوێنە گشتییەکان یان هەر هاووڵاتییەک سکالا لە سەر هەر کەسێک تۆماربکات ئەو کات پۆلیس بە کاری خۆی هەلدەستێت بۆ لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو کەسانە لە ڕێگای دادگاکانەوە.

# 110 خێزانیی ئیزدی و 650 خێزان لە چۆمان هاوکاری کران



دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکارییە خۆراکییەکانی دەوڵەتی کوێتی گەیاندە 650 خێزانی هەژار و کەمدەرامەت لە شارەدێی وەرتێی سەربە شارۆچکەی چۆمان.

یەکشەممە ڕێکەوتی 2018/4/15 دەزگای خێرخوازیی بارزانی و دەوڵەتی کوێت چالاکییەکیان بەمەبەستی هاوکاری کردن و پاڵپشتی کردنی خێزانە هەژار و کەمدەرامەتەکان لە شارەدێی وەرتێی سەربە شارۆچکەی چۆمانی بەڕێوەبرد.

لە چالاکییەکەدا هاوکاری خۆراکی گەیندرایە 650 خێزانی هەژاو کەمدەرامەت کە هاوکارییەکان بریتین لە برنج، ڕۆن، نیسک، چایی، ئارد و ..هتد.

هەر لە چالاکییەکی تری دەزگای خێرخوازی بارزانی بەبۆنەی جەژنی چوارشەممە سوری ئێزیدیان، دەزگای خێرخوازی بارزانی لە کەمپی شاریا و قادیا دوو چالاکی ئەنجام دا و بەم بۆنەیەوە 110پارسێلی ئازووقەی بەسەر خێزانی ئێزیدی لە کەمپی شاریا و قادیا دابەشکرد و جێی ئاماژەیە ئەو خێزانانە ڕزگاربووی دەستی تیرۆریستانی داعشن.

# فراکسیۆنی پارتی داوا دەکات، هەرچی زووترە پرۆژەیاسای چاکسازی تێپەڕێندرێت

وا بڕیارە، ئەمرۆ لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆ ببنەوە و پەرلەمانتارێکی پارتییش داوا دەکات بۆ زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان، پرۆژە یاسای چاکسازی هەرچی زووترە تێپەڕێندرێت.

پرۆژە یاسای چاکسازی لە مووچە، خانەنشینی و دەرماڵەکاندا، لە 24 مادده پێک هاتووە، کە بە پەسندکردنی مانگانە نزیکەی 150 ملیار دینار بۆ حکوومەت دەگەڕێتەوە، بە دووبارە پەسندکردنیشی لە پەرلەمان حکوومەت ڕایگەیاندووە، پاشەکەوتی مووچە نامێنێت. ڤەمان فەیسەڵ، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: لە دواکۆبوونەوەدا، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان، گەیشتینە ئەو بڕیارەی کە لەگەڵ حکوومەتدا کۆ ببینەوە و بە باشتربوونی ڕەوشی حکوومەت، دەتوانێت یاسای عێراق جێبەجێ بکات، کە بڕیار وایە بەیانی دووشەممە حکوومەت و سەرۆکایەتیی پەرلەمان، لەگەڵ هەر دوو لیژنەی یاسای و دارایی لەسەر پرۆژەی چاکسازی کۆ ببنەوە. فەیسەڵ گوتیشی: هەڵوێستی ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی ئەوەیە، کە بە هەر شێوەیەک بێت ئەو پرۆژەیاسایە بۆ زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان بە زووترین کات پەسەند بکرێت، جا بە هەر شێوەیەک بێت، بۆیە دەبێت پێش هەڵبژاردنەکان کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان بەڕێوە بچێت، بۆ ئەوەی مووچەخۆران لە پاشەکەوتی مووچە ڕزگار بن، بۆیە هەڵوێستی فراکسیۆنی پارتی، هەڵوێستێکی نەگۆڕە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، لەگەڵ ئەوەی پەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان، هیچ پەیوەندییەکی بە بانگەشەی هەڵبژاردنەوە نییە.

# وەزارەتی دارایی داوای لیستی مووچەی مانگی شوبات لە فەرمانگەکان دەکات

وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە سەرجەم دامەزراوەکانی حکوومەت دەکات، لیستی مووچەی مانگی شوبات ئامادە بکەن و ڕەوانەی گەنجینەکانی بکەن.

بەپێی ئەو زانیاریانەی باسنیوز لە دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە دەستی کەوتووە، وەزارەتی دارایی لە ڕێگەی گەنجینەکانەوە داوای ئامادەکردنی لیستی مانگی شوباتی لە فەرمانگەکان کردووە. هاوکات داوا کراوە کە لیستەکان ڕەوانەی گەنجینەکان بکرێن.

هەر لەمبارەیەوە سەرچاوەیەک لە وەزارەتی دارایی ئاشکرای کردووە، کە چاوەڕێ دەکرێ لە سەرەتای مانگی داهاتوو، دابەشکردنی مووچەی مانگی شوباتی فەرمانبەران بە سیستەمە تازەکەی پاشەکەوتی مووچە دەست پێ بکات و لە چەند ڕۆژێکدا مووچەی سەرجەم فەرمانبەران دابەش بکرێت. ئەوەشی ڕوون کردەوە کە سەرەتا مووچەی وەزارەتی پەروەردە دابەش دەکرێت.

ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕۆژی شەممە 14ی نیسانی 2018؟ وەزارەتی دارایی خشتەیەکی دیکەی دابەشکردنی مووچەی مانگی 1ی فەرمانبەرانی ڕاگەیاند و ئەوەی ئاشکرا کرد کە دوای گەیشتنی بڕە پارەکەی حکوومەتی عێراق بەدەست حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دابەشکردنی مووچەی مانگی 1ی سەرجەم مووچەخۆران کۆتایی پێ دەهێندرێت.

# قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر سەبارەت بە جۆرە هێلکەیەک هاووڵاتیان ئاگادار دەکاتەوە



**خەبات ـ فاتیح بەرزنجی:**

قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر لە ڕاگەیاندراوێکدا کە وێنەیەکی دەست خەبات کەوتووە، ڕایدەگەیەنێت: بۆ بەرچاوڕوونی هاووڵاتیان ئەو ڕاگەیاندراوە بڵاو دەکەینەوەو ماوەی چەند ڕۆژێکە لیژنەکانمان لە قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر سەردان و گەڕان و پشکنینەکانیان چڕکردۆتەوە بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی ئەو جۆرە هێلکە قەدەغەکراوەی کە بەرواری 3مانگی لەسەر دراوەو لە هەندێک شوێن بە شاراوەیی دەفرۆشرێت و مایەی خۆشحاڵیە توانرا بڕێکی زۆر لەوجۆرە هێلکەیە دەستی بەسەردا بگیرێت و خاوەنەکانیان سزای پێبژاردنیان بۆ کراوە ئەمە لەکاتێکدایەو پێشووتریش لە زۆربەی ڕاگەیاندنەکان بڵاووکراوەتەوە کە ئەو جۆرە هێلکەیە بە پێی ڕێنماییەکانی ڤێتەرنەری و چاودێری تەندروستی و بازرگانی ڕێگە پێنەدراوە، بۆیە لیژنەکانمان لە نزیکەوە چاودێری بازاڕەکان دەکەن و داواش لە هاووڵاتیان دەکەین کە بە هیچ شێوەیەک ئەو جۆرە هێلکەیە نەکڕن.

# دهۆک... ڕووداوێکی هاتووچۆ قوربانی لێکەوتەوە

بەرپرسی ڕاگەیاندنی هاتووچۆی دهوک ڕایگەیاند، لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتووچۆدا لە سەنتەری پارێزگای دهۆک منداڵێک گیانی لەدەست دا.

ماڤپەرەور ئازاد تەها بەرپرسی ڕاگەیاندنی هاتووچۆی دهوک بە ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسی ڕاگەیاند: شەوی ڕابردوو 2018/4/14 لە گەڕەکی ماسیکی لە نزیک قوتابخانەی زڤرین ئۆتۆمۆبێل خۆی کێشا بە منداڵێک. ئاماژەی بەوەشکرد: کە بەهۆی ڕووداوەکەوە لەسەرەتادا منداڵەکە بە برینداری گەیەنرایە نەخۆشخانە بەڵام دواتر بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دا. ئازاد تاها ڕوونیشی کردەوە: کە ڕێوشوێنی یاساییش لەبەرامبەر شۆفێرەکە دەگیرێتە بەر.

# کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ئامارەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە هەرێمی کوردستان راگەیاند




سەرۆکی دەستەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان ژمارەی دەنگدەران، ژمارەی کورسییەکان و هەروەها ژمارەی لیست و کاندیدەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ئاشکرا دەکات کە بڕیارە لە 2018/5/12 لە عێراق و کوردستان بەڕێوەبچێت.

مازن عەبدولقادر، سەرۆکی دەستەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی ئامارەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: بە گشتی سێ ملیۆن و 144 هەزار و 730 کەس مافی دەنگدانی هەیە لە هەرێمی کوردستان، 25 قەوارە لە هەڵبژاردنەکە بەشدارن کە 19یان حیزبن، 4یان هاوپەیمانین و 2 پاڵێوراوی سەربەخۆیش لە هەڵبژاردنەکە بەشدارن.

سەرۆکی دەستەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان ژمارەی کاندیدەکانیشی ئاشکرا کرد و گوتی: بەگشتی 503 کەس خۆیان کاندید کردووە کە 357 کەسیان لە ڕەگەزی نێرن و 146 کاندیدش لە ڕەگەزی مێ-ن. ژمارەی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان بەگوتەی مازن عەبدولقادر 46 کورسییە کە بەو شێوەیە دابەشکراون: پارێزگای هەولێر 16 کورسی کە یەکێکیان بۆ کۆتای مەسیحییە. پارێزگای سلێمانی 18 کورسی و پارێزگای دهۆک 12 کورسی کە یەکێکیان بۆ کۆتای مەسیحی دەبێت.

# لەم ڕۆژانە پڕۆژەی ڕێکخستنی ناو بازاڕی شێخەڵڵا پێشکەش بە کاسبکاران دەکرێت

**خەبات ـ فاتیح بەرزنجی:**

بەمەبەستی ڕێکخستن و جوانترکردنی بازاڕی شێخەڵڵا پرۆژەی جوانکردنی ناو ئەو بازاڕە بەم زووانە ئەنجام دەدرێت. لەمبارەیەوە ئەندازیار مەریوان شوانی بەڕێوەبەری شارەوانی یەک لە لێدوانێک بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: ئەو پرۆژەیە پێکدێت لە دووبارە ڕێکخستنەوەی تەواوی ئەو کاسبکارانەی کەماوەی 20 ساڵە لەو شەقامە کاردەکەن و ژمارەیان 500 کاسبکارە تا بتوانین تەنها خەڵکی کاسبکار سوودمەند بن لەو بازاڕەو چیتر کڕین و فرۆشتن وبە کرێدانی شۆستە و شەقام نەکرێ و بازاڕەکەش لە ڕووداوی نەخوازراو بە دوور دەگیرێت و لەدوای جوانکردنی بازاڕەکە سیمای شارستانی بۆ دەگەڕێتەوە بەو مەرجەی هاووڵاتیان و کاسبکاران هاوکارمان بن.



# زانکۆی سەلاحەدین ڕێز لە پرۆفیسۆرەکانی دەگرێت



بە ئامادەبوونی د. ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری کۆلیژەکان و مامۆستا و توێژەرانی زانکۆ، زانکۆی سەلاحەدین لە مەراسیمێکی تایبەتدا ڕێزی لە ژمارەیەک لەپرۆفیسۆرەکانی خۆی گرت و خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشین.

مەراسیمەکە کە لەهۆڵی ڕزگاری لە کۆلیژی ئەندازیاری بەڕێوەچوو، تێیدا 10 پرۆفیسۆر خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێبەخشرا کە لەساڵی خوێندنی 2017-2018 پلەی پرۆفیسۆریان بەدەست هێناوە، لە بەشێکی دیکەی مەراسیمەکەدا وەک هاندانێک بۆ مامۆستایانی زانکۆ، خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرایە ئەو مامۆستایانەی لە ماوەی ساڵی ڕابردوو توێژینەوەیان لە گۆڤارە جیهانیە ئاست بەرزەکان بڵاوکردۆتەوە کە فاکتەری کاریگەرimpact factorی بەرزیان هەیە.

شایەنی ئاماژە پێدانە زانکۆی سەلاحەدین، وەک نەریتێکی بەردەوام ساڵانە لە مەراسیمی تایبەتدا ڕێز لەو مامۆستایانە دەگرێت کە پلەی پرۆفیسۆری بەدەست دێنن و هەروەها توێژینەوە لە گۆڤارە جیهانیەکان بڵاودەکەنەوە.